واز لەو شتە بهێنە کە گومانت لێی هەیە، بۆ شتێک کە گومانت لێی نییە، ڕاستگۆیی دڵنیاییە، ودرۆ گومان ودوودڵیە

لە ئەبی حەورائی سەعدیەوە دەڵێت: ووتم بە حەسەنی کوڕی عەلی -ڕەزای خوایان لێبێت-: چی شتێکت لەبەرکردووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ؟ ووتی: لەبەرم کردووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-؛ کە دەفەرموێت: «واز لەو شتە بهێنە کە گومانت لێی هەیە، بۆ شتێک کە گومانت لێی نییە، ڕاستگۆیی دڵنیاییە، ودرۆ گومان ودوودڵیە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه الترمذي والنسائي وأحمد]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە وازهێنان لەو شتانەی مرۆڤ گومانی لێی هەیە لە قسە وکردەوەکان، وئایا نەهیان لێکراوە یان نا، وئایا حەرامن یان حەڵاڵن، وشتانێك هەڵبژێرێت کە گومانیان تێدا نیە کە دڵنیایە لە چاکی وحەڵاڵیان، چونکە دڵ ئارام ودڵنیایە سەبارەتیان، هەروەها گومانیان تێدا نییە کە تووشی دڵەڕاوکێ وشڵەژانی بکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4564